عەمار حەکیم پیرۆزبایی لەگەلی عێراق کرد بە بۆنەی بردنەوەی کورسییەکە لە ئەنجومەنی جێبەجێکاری رێکخراوی یونسکۆ

عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانی هێزەکانی دەوڵەت لە بەیاننامەیەکدا، رایگەیاند پیرۆزبایی لە گەلەکەمان دەکەین بۆ بەدەستهێنانی عێراق کورسییەکی ئەنجومەنی جێبەجێکاری رێکخراوی یونسکۆ دوای بردنەوەی لەو هەڵبژاردنەی لە میانەی چالاکییەکانی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ڕێکخراوەکە لە دانیشتنی چل و دووەمیدا ئەنجامدرا.

وتیشی: "سوپاسی ئەو هەوڵانە دەکەین کە بوونە هۆی گەڕانەوەی عێراق بۆ پێگە پێشکەوتووەکان لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ئەو ڕۆڵانەی لە بەدەستهێنانی پێگە و کاریگەریی سروشتی عێراق لە جیهاندا."